

# هەردی

# لەنێوان رۆمانتیکیەت و ریالیزم دا

رۆشنا عەلی سەعید

**هەردیو رۆمانتیکییەت**

لەگەڵ ئەوەدا کە (هەردی) لەدوای سەردەمی گۆران و پیرەمێرد بەیەکێك لەشاعیرە ناودارەکانی سەردەمی تازەکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت و زیاتر وەك شاعیرێکی رۆمانتیکی دەناسرێت، بەڵام دیارە ئەمیش وەك شاعیرانی تری سەردەمەکەی خۆی و بگرە زیاتریش ململانێی رێبازەکان بەبەرهەمەکانییەوە دیارە، هەر بۆیە ئەتوانرێت بوترێت:.

(هەردی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەڕوخسارێکی کۆندا ناوەرۆکێکی نوێ دەڵێت، ئەم ناوەرۆکە نوێیەش بوژاندنەوەیەکی تایبەتی داوە بەزمان و داڕشتن و دەربڕینەکانی شاعیر، ئەگەر تاك وتەراش وشەیەکی ناکوردی ببینین لەشیعرەکانیدا ئەوە لەو جۆرە وشانەیە کە میللەتی کورد بەتەواوی پێی راهاتووەو بەباشی لێی تێدەگات).(1:ل67).

بەڵێ هەردی کێشی عەروزی عەرەبی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە کە بۆ تازەکردنەوەکە بەکۆن دادەنراو ئەبوو هەوڵی بەکارهێنانی کێشی برگە زیاتر بدرایە[1]، بەلآم هەردی بەپێچەوانەوە ژمارەیەکی یەکجار کەمی شیعرەکانی نەبێت ئەوانەی تری لەسەر کێشی عەروزەو زیاتریش هەردووکیشی (رەمەل)و (هەزەج) یان (زەحاف)و (علل)ەکانی ئەم کێشانەی وەرگرتووە کە زیاتر لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا دەگونجێن و لەلای زۆربەی شاعیرانی تری ئەم سەردەمی رۆمانتیکییەش بەکارهاتوون، بەلآم وەك ئاشکرایە ئەم کێشە بەهیچ شێوەیەك نەبوەتە رێگر لەداهێنانی شیعری یان بەکارهێنانی وێنەی هونەری جوان و وشەی کوردی پەتی و دورکەوتنەوە لەوەرگرتنی ووشەی بێگانە، بەڵکو (لەشیعرەکانیدا تازەکردنەوەیەکی وەها بەدی دەکەین کە تایبەتە بەشیعرەکانی خۆیەوەو لەخەڵکی تری وەرنەگرتووە).(1:ل267). نموونەی ئەمانەش دیارە زۆرە لەبەرهەمەکانیدا وەك لەهۆنراوەی (فەلسەفەی دڵداری)دا کێشی هەزەجی بەکارهێناوە.

کە جۆگا تێکەڵی چەم بیۆ چەمیش تێکەڵ بەدەریا بێ

شەماڵیش پڕ لەهەستی بێ، نییە شت تاك و تەنیا بێ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

(9: ل49).

یان لەپێنج خشتەکییەکەیدا لەسەر غەزەلی (شێخ نوری) کێشی رەمەلی بەکارهێناوە لەگەڵ گۆڕانێکدا.

وێڵم و تاریکە دەورم، فەرشی رێگەم مەینەتە

بێ کەسم، تەنیا ئەناڵم، مەرگی خۆمم عەزرەتە

وێڵم و تاریکە دەورم فەرشی رێگەم مەینەتە

(9: ل66)

بێ کەسم تەنیا ئەناڵم مەرگی خۆمم عەزرەتە

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعل

لەهەمان کاتدا قاڵبەکەش (پێنج خشتەکی) قاڵبێکی کۆنە، بەلآم دیسان لەناوەرۆکێکی تازەدا دایڕشتۆتەوەو شێوازێکی جوانی پێبەخشیوە.

وەك وترا لەپاڵ کێشە عەرزوییەکەدا کێشی برگەشی بەکارهێناوە لەمیشدا سەرکەوتوو بووە، هەروەك لەشیعری (بێ ئارامی)دا بەرچاو دەکەوێت کە لەڕوخسارێکی تەواو رۆمانتیکییدایە، بەوەی کە جگە لەناوەرۆکەکانی ئەو شێوازەی کە رۆمانتیکییەکان بەکاریان هێناوە لەشێوەی پرسیارو سەرسوڕمان و توڕەبون و دڵەڕاوکێ و شڵەژاوی بەرچاو دەکەوێت، لەکاتێکدا کە ئەمە یەکەم شیعریەتی و لەساڵی 1938دا بلآویکردوەتەوە بەتەواوی لەپەیڕەوکردنی رێبازی رۆمانتیك و تاقیکردنەوەی ئەو سەردەمەدا سەرکەوتوانە دای رشتوە.

ئاخ و داخ و دەرد، لەدەست تەنیایی 10بڕگە
پەشێوی بێ حەد، دەردی بێ دوایی 10بڕگە
ئەم سەرسامییە، 5بڕگە
بێ ئارامییە: 5بڕگە
کەی دێ کۆتایی؟ (9: ل47) 5بڕگە

لەڕووی زمانیشەوە (لەگەڵ ڕاپەڕینی ڕۆمانتیکی ماوەی نێوان دوو جەنگدا زمانێکی تازە هاتە ناوەوە، گۆران خۆی باشی ناوناوە بەزمانی کوردی عوسمانلی، ئەو زمانە تەواو لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو، بناغەی ئەویش زمانی کوردی بوو، ئەویش کوردییەکی لەڕووی داڕشتن و ڕێزمانەوە ساغی بێ هەڵە بوو، بەلام لەپاڵ ووشەی کوردیدا پڕبوو لەو ووشە تورکی و عەرەبییانەی لەئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی تورکییەوە وەرگیرابوون، دیارە جیاوازی ووشەی عەرەبی ناو ئەدەبیاتی تورکی ئەوساو (بەوپێیە کوردیش) بریتی بوو لەکۆمەڵێك وشەی عەرەبی کە لەوشە عەرەبییەکانی ناو ئەدەبیاتی کلاسیکی نەدەچوون، بەڵکو ووشەی عەرەبی بوون، مانای تازەیان پێدرابوو، واتە هەموویان لەمانایەکی پڕ لەپڕی ئەو بەکارنەدەهاتن).(3:ل44).

ئەمەش لەلای (ئەحمەد هەردی) تەواو ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەمەش نموونە ئەم چەند دێڕەی شیعری (تەپڵی بەتاڵ)ە

(نەمزانی ئەتیکێتی سەدەی تازە، ڕیایە!
ئادابی لەلایە ئەوی وەك لۆتی وەهایە
فیزی ئەم و ئەو هەڵئەپەڕێنێ بەسە نایە
کێ باوی هەبوو، نۆکەرە ئەو، گوێ ئەلەقێنێ
مەیمونە، تەشی ڕێسە، بەدڵ پیا هەڵئەخوێنێ!)

(9:ل72).

لەلایەکی ترەوە بەکارهێنانی کوردی پەتی خۆی لەخۆیدا بووە پاڵپێوەنەرێك بۆ گەڕانی شاعیرانی ئەو سەردەمە بەناو فۆلکلۆرو قسەی خەڵکدا تا بتوانن ووشەی ڕەسەن و پەتی کوردەواری لەبری ووشەی خوازراوی بێگانە وەك لەپێش خۆیاندا بەکارهاتبوو بەکاربهێنن و ئەدەبەکەیانی پێ تازەبکەنەوە و ئەمیش بوە هۆی ئەوەی لەزۆر بابەت و ناوەرۆکی فۆلکلۆر بێننە ناو ئەدەبە نوێکەوە و لەڕوخسارێکی تازەدا کەڵکی لێوەربگیرێت یاخود ئاماژە بۆ پەندو ڕووداوە مێژووییەکان یان ئەفسانە و بابەتی فۆلکلۆری و سامانی کەلەپوری نەتەوەیی بکەن.

نموونەی ئەمەش لەشیعری (ئەی دیدەپەری)دا بەرچاو دەکەوێت، کە ئیشارەت بەهەردوو داستانی بەناوبانگ (لەیل و مەجنون و مەم و زین) ئەکات کە هەمیشە بەسەر زاری خەڵکەوەن کەڵکی لێ وەرگرتون بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکەی.

نایزانی که هەر پەنجەییَ لەم خاکی زەمینە
کوڵمی دە هەزار (لەیل)و دەمی سەد (مەمو زینە). (9:ل51).

یان لە لە(شۆڕشی نائومێدی)دا کە ئیشارەت بەو بیروباوەڕە دەدات کە لەناو کورددا (کوندەپەپوو) نیشانەیە بۆ تاریکی و وێرانی.
پەپو، هاوڕازی وێرانەو، نیشانەی مەرگی روناکی
بەدەنگی شومی با شیوەن بکا بۆ گیانی ناپاکی.. (9:ل56)

لەڕووی رەوانبێژی و ووشەکاری و روخساری شیعرەکانیشەوە دیسان ململانێی نێوان رێبازەکان بەرچاودەکەویَ، چونکە لەپاڵ وێنەی هونەری رۆمانتیکییانەو وشەی کوردی و تەشبیهاتی شێوە تازەکەدا هەندیَ لێکچواندن و بابەتەکانی تری رەوانبێژی کلاسیکیانە لەهەندیَ لەشیعرەکانیا خۆی دەنوێنیَ.. نمونەی ئەمەش لەشیعری (ئەی دیدە پەری)دا کە یەکێکە لەو شیعرانەی کە زۆر خاسیەتی رۆمانتیکی تیا بەدی دەکریَ و تاڕادەیەك ئەخرێتە قاڵبی شیعرێکی رۆمانتیکییەوە، کەچی هەندیَ دەربڕینی وەك لێکچواندنی (کوڵم لەگوڵ) یان (زوڵف بەدوو تویَی عەنبەری چین) یان (گەردن وەك تەختی بلوور) یان (لێو وەك خونچە)..هتد بەرچاودەکەوێت.

ئەو زوڵفە کە ئێستاکە دوو تویَی عەنبەری چینە
رۆژێکی کە دیَ، تێکەڵی تویَی خاکی زەمینە (9:ل51)
یان
ئەو گەردەنە بێگەردە کە وەك تەختی بلورە
ئەو لێوە کە وەك خونچە تەڕو ناسك و سورە

بەڵاّم دیارە لەگەڵ ئەمانەدا هەردی بەزۆر وێنەی هونەری و لێکچواندنی تایبەت بەخۆی ناسراوەو رەنگە تاڕادەیەك لەشاعیرانی سەردەمی خۆیشی جیابکاتەوە کە هەموویان بۆ سەردەمەکەی خۆی تازەو کوردییانە بوون و تەواو رۆمانتیکیانەن، چونکە جوانی شتەکان لەخۆیاندا دەبینێتەوەو وەسفیان وەك خۆیان دەکات، بۆ نموونە لەوەسفی (ست فاتمە)دا دەڵێ:
بووکی رازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتمە!
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە.. (9:ل68).
یان لە(چاوەڕوانی بێهودە)دا ئەڵێ:
بەدوو چاویَ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەیتروکێنی
بەدوو چاویَ کە سرڕی قوڵی لاوێتی، ئەدرکێنیَ (9:ل77).

(سروشــت، بــەلای شــاعیرانی رۆمانتیکییــەوە سەرچــاوەی ئیلــهامی شــیعریان بــووە، بەمەڵبەنــدی پاکوخاوێنیان زانیوە، بۆیە بەجوانترین شێوە هاتوونەتە تانو پۆیدا). (1:ل142).

هەردیش لە(فەلسەفەی دڵداریدا) وەسفێکی جوانی رۆماتیکییانەی سروشت ئەهێنێتە ئاراوە، ئەگەرچی وەرگێڕانە بەڵام لەبەرگێکی تەواو کوردیدایەو بگرە هەروەکو خۆی بەکوردی لەدایك بوبێ دێتە بەرچاو.

که جۆگا تێکەڵی چەم بیّو چەمیش تێکەڵ بەدەریا بیّ
شەماڵیش پڕ لەهەستی بیّ، نییە شت تاكو تەنیا بیّ (9:ل49).

یــاخود لەشـیعری (شۆڕشــی نائومێـدی)دا وەك شــاعیرێکی رۆمــانتیکی پــەنا ئەباتــە بــەر (پــاییز)، بــۆ راماڵینی پاشماوەی خەمو خەزانی عەشقەکەی.

دەسا ئەی پاییزی ماتەم! ئەوەندەم تاسە پیّ ماوە
هەموو ئەو یادگارەی لەو: ژیانی عەشقە جیّ ماوە
بەجاریّ وەك گەڵا سروەی خەزانت گشتی راماڵیّ
بەوردی هەر گەڵایەکی، ببا بۆ قوژبنو چاڵیّ (9:ل55).

یــاخود لەشـیعری (شــانزە ســاڵ چــاوەڕوانی)دا نــەمانی ســورایی خۆرنـشینو هێواشــی شــەو دەرگــای جیهانی خەیاڵی لەبەردەمدا ئەکاتەوە بۆ ئاوڕدانەوە لـەتۆماری شانزە سـاڵی ژیانی خۆشەویستیو ئـاواتی پڕ لەتاسەی دەروونی، ئەمیش وەك سیفەتێکی رۆمانتیکییانە کە شەو پەناگەی داڵدەدانی هـەموو خـەیاڵو ئەندێشەو هەستو سۆزەکانیانو دووانیانە لەگەڵ ناخی خۆیاندا..

دوێنیّ لەتەك نەمانی سورایی خۆرنشینا
که شەو هێواشیّ باڵی کێشا بەسەر زەمینا
تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پڕ لەتاسەی دەرونو گیانی برسیم (9:ل64).

هەردیش وەك رۆمانتیکییەك سروشت بەلایەوە مەڵبەندێکی بیّ گـەردە، چونکە تاقە سەرچاوەیەکە کە ئادەمیزاد بەبەختیاری تیایدا دەحەسێتەوە دوور لـەگیروگرفتی ناوشـار (1:ل46). وەك لەشیعری (تـانگۆی کوردی)دا دەڵیّ..

با لەدەستی، ژینی پەستی، شارودیّ، شارودیّ
راکەینو روو بکەینە: چۆڵ هەردیّ، ناو هەردیّ
تەنیا وەك ئاسکۆڵەی کۆسار،
روبکەینە قەد شاخو ناو گوڵزار (9:ل53).

بەلایەوە خۆشەویـستی سـۆزێکە لەسروشـتی راسـتەقینەوە پەیدا دەبێت بەمـەرجیّ هەسـتی مرۆڤایـەتی چاودێری بکات، ئەوە بێگومـان دەبێتـە هـۆی بـەختیاریو کامـەرانی لەگـەڵ تیـوری خۆشـەویستی کۆمەڵدا دەگونجێت. (1:ل47–48).

لەقەد پاڵی شاخی هەزار بەهەزار..
لەسای سێبەری درەختی ناوگوڵزار
کونجێك بکەین بەهێلانەو هەوار..
دەست لەگەردن، تاکو مردن، شۆخ و شاد، شۆخ و شاد

خەیاڵ یەکێکە لەسیما دیارەکانی ئەدەبی رۆمانتیکی، بەلاّم وەك ئاشکرایە مەرج نییە هۆکارو چۆنییەتی و روخسارەکانی رێبازێکی ئەدەبی لەلای هەموو نەتەوەکانی جیهان چون یەك بێت، هەر بۆیە رۆمانتیکی کوردی لەزۆر لایەنەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ جیهانییەکەدا، یەکێك لەو جیاوازییانەش لە(خەیاڵ)دا بەدی دەکرێت، هەروەك خەیاڵ خۆی لەخۆیدا بریتییە لەخەون و خەیاڵ بەرەوپێشەوەو خەون و خەیاڵ بەرەو دواوە.. بەلاّم ئەم خەون و خەیاڵە لای رۆمانتیکی کوردی تەواو پێچەوانەی جیهانییەکەیە، خەون و خەیاڵ بەرەوپێشەوە لای رۆمانتیکی کوردی خەو بینینە بەئایندەی روناك و کەمبونەوەو بەرەو نەمان چونی ئەم تەمومژو رەشبینی بەرچاوی شاعیرە هەوڵدانە بۆ نزیك بوونەوە لەهێنانەدی هیواو ئاواتەکان، کەچی ئەمە لای جیهانییەکە پێچەوانە ئەکەوێتەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەلاّیەتی و ئایدۆلۆجی و رامیارییانەی کۆمەڵەکەیاندا رویدا بوو.. بگرە گەڕانەوە بۆ رابووردوو خەو بینین بەشتە کۆنەکانەوە لەلایان خەیاڵێکی داهێنەرانەو بەرەو پێشەوەبوو، بەلاّم لای کوردییەکە خەیاڵ کردنەوە بەرەو دواوە ئاوڕدانەوە بۆ رابوردو پڕە لەڕەشبینی و نائومێدی و قوڵپی گریان و نەهاتنەدی هیواو ئاواتەکان.(1:ل75–77).

ئەم خەون و خەیاڵە لای هەردی بەشێوەیەکی تایبەتییە، چونکە وەك شاعیرانی تری هاوسەردەمی هەردوو جۆرەکە بەتەواوی لەبەرهەمەکانیدا رەنگی نەداوەتەوەو بگرە خەون و خەیاڵ بۆ پێشەوە (بەداهاتووی پڕشنگدارەوە) و گەشبینی لەشیعرەکانیدا بەرچاو ناکەون، یان ئەگەر وردتر سەرنجی لێ بدرێت ئەگەر هەشبن ئەوا بەشێوەی تروسکاییەکی زۆر بچوك لەشیعری (تانگۆی کوردی) و (صلوات المحب) و (خەرمانە) و (پەیامی یار)دا بەدی دەکرێت.

لەسای سێبەری درەختی ناو گوڵزار
کونجیێ بکەین بەهێلانەو هەوار
دەست لەگەردن، تاکو مردن، شۆخ و شاد، شۆخ و شاد (9:ل53)

یان

فابسمی کالزهر في وجه الصباح
أو کا مالی آلتي لاتنتسهي
وأشکری العشاق البحمر المباح
من ثنایا ذلك الثغر الشهي (9.ل81)

یان

بەرامەکەی

گوڵاوی باخی نامەکەی
کە ئاوی زیندەگانییە..،
شەرابی کامەرانییە..
گوڵی هیوای ژیانەوە..
گوڵی هیوام.. (9:ل85).

یان

ئەمانە گەرچی تیٚ ناگەم، بەڵام پێویستە بیزانی
هەتا ماوم لەدنیادا، فریشتەی باخی ئاواتم
بەدڵ هەر چەشنی خەرمانە، لەدەوری مانگی گۆناتم (9:ل84)

هەرچی خەون و خەیاڵیشە (بەڕابوردووی تێپەڕیوەوە) ئەوە بەشی زۆری شیعرەکانی پێك دەهێنێ، بەڵام چۆن خەون و خەیاڵێك.. خەون و خەیاڵ بۆ ئەوانەی لەکاتی خۆیاندا خۆش و پڕ لەئومێدبوون، بەڵام بۆ ئێستە تەنها قوڵپی گریان و نا ئومێدی و کاڵ بوونەوەی هیواو ئاواتی تیا بەدی دەکرێت، هەروەك لەشیعری (دڵێکی تێکشکاو) ئەمە بەتەواوی رەنگی داوەتەوە:.

بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو، کە سەرچاوەی ژیانم بوو
دڵێ مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو (9:ل59).

تاکو دەڵێ

بەڵێ ئێستا ئەوی جێماوە بۆ من، یادگارێکە..!
بەسەرهاتی دڵی وردو بەسەرچونی بەهارێکە..! (9:ل63)

بەهەرحاڵ گەوهەری خەیاڵ یاریدەدەرێکی گەورەی هەردییە بۆ بنیاتنانی ئەو هەموو وێنە هونەری و رەنگینانەی کە ئەبێتە هۆی گوێزانەوەی خوێنەری شیعرەکانی لەجیهانی واقعییەوە بەرەو جیهانێکی تایبەتی کەرەسەکانی هەر شتەکانی جیهانە واقیعییەکەن و بەڵام خۆی جیهانێکی ترو تەواو جیاوازە لەو. (5:ل154-156) هەروەك دەڵێ:.

بناغەو چینی دیواری!
تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵا روخا! تەپوتۆزی خەمی هێنا
بەدوی باڵداری ئاواتی، فڕیوی بیٚ سەروشوێن (9:ل55).

ناوهێنانی (هەردی) کتوپڕ رەشبینی و نائومێدی و خەم و پەژارە دێنێتە بەر دیدەی هەموو بیستەرێکی ئەم وشەیە، بێگومان ئەمەش لەڕوانگەی بەرهەمەکانیەوە کە لە(رازی تەنیایی)دا تۆماری کردون، هەروەك خۆشی دەڵێ (ئەو دەنگ و ئاوازەی لەتەلی ئەم هەڵبەستانەوە بەرزئەبنەوە ئاوازێکی گریاناوی و پڕ لەنائومێدییە. (8:ل3). کەواتە تاڕادەیەك ئەتوانرێت ئەم دیمەنە لەزۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانیدا بەشێوەیەکی زاڵ ببینرێت. بۆ نموونە کە دەڵێ:

بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم!
شریتی عومری رابوردوو وەکو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە
فیلمی پڕ لەناسۆری هەرەسهێنانی لاویمە (9:ل58).

بەڵام بۆ نموونە (ئەو هەموو وێنە رەشبینییانەی کە لە(رازی تەنیایی)دا بەرچاودەکەوێت خۆبەستنەوەیەکی شاعیرانەیە بەیاسای راستگۆیی و پەیڕەوکردنی ئەو سروشت و ئاووهەوایەی کە هەردی بەزنجیرە پڕ لەکسپەو سزا نائومێدییەکەیە کە یا تێپەڕیوە.. شاعیر بلیمەتێکی کۆمەڵایەتییە ئەوەی دەیبینێ لەبەد کردەوەیی و ئەو کارە نادروست و شاکارە (کەسی) بێت یان (کۆمەڵی)، بۆیە هەردی نەیتوانیوە درۆ لەگومانیا بگونجێنێ و نەگونجاندنی بڕوای بەو رۆژگارە بەهەنگاوێکی دروست لەناوەوەی شیعرەکەدا بکات بەهەڵوێست و نییەتی شیعری لێ بێنێت) (6:ل9).

ئەگێڕم چاوی بێتینم، بەتاریکی شەوا سەرسام
نییە پرشنگی دوچاوێ، کە روناکی بکا، رێگام..!
بەغەیری باڵی غەمناکی،
شەوی پڕ ترس و سامناکی
نییە یەك تۆزە روناکی (9:ل79).

لێدوان و شیکردنەوەی ئەو دیمەنە پڕ لەرەشبینی و نائومێدییانەی کە لە(رازی تەنیایی)[2]دا بەرچاودەکەوێت زۆری دەوێ و لێکۆڵینەوەی قوڵی گەرەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ماوە بوترێ ئەوەیە کە (ئەم شیعرانە بەوپەڕی راستگۆیی و جۆش و خرۆشەوە ئەندێشەی لاوێکی کوردی چەوساوەیان لەکۆمەڵێکی نەریت و رزیودا بەگەرمی و روونی خستوە پێش چاو، ئەگەر هەردیش لەشیعرەکانیدا بهاتایە بەبەر چاوڕوونییەکی ساکارانە بینوسییایە، ئەوسا نەدەستەی لاوان لەدەفتەرەکانیاندا ئەیان نووسی و نە ئەبوونە گۆرانی سەرزاری خەڵکیش و نە هەردیش بەو کۆمەڵە شیعرە بەژمارە کەمە ئەبوو بەو شاعیرە گەورەیە)(7:ل63-64).

(هەست)یش وەك لایەنێکی گرنگی شیعری رۆمانتیکی رۆڵی دیاری خۆی دەبینێ لەبەرهەمی شاعیرانی رۆمانتیکی کوردیدا، بێگومان ئەمیش جیاوازییەکی زۆری هەبوو، لەگەڵ ئەو هەستەی لای شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆیاندا پەیڕەوکراوەو پابەندبووە بەیاسای سەپێنراوو دیاریکراوی روون و ئاشکراییەوە، ئەو هەستەی لای رۆمانتیکییەکان هەبووەو دەربڕاوە بریتی بووە لەدەربڕینی هەستی تەم ومژاوی و ئاڵۆز. بۆ نموونە:.

ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپولەی ئارەزوی کوشتم
شەرابی جامی دڵداری، لەتافی لاوییا رشتم (9:ل79).

(هەردی وەکو لەتوێی شیعرەکانیا بۆمان دەردەکەوێت خاوەن هەستێکی ئینسانی قوڵو عاتیفەیەکی پڕ لەجۆشی لاوییە) (8:ل11).

ئەم وتەیە بەسەر زۆرینەی شیعرەکانی هەردیدا تەواو ئەگونجێو هەرچی دەربارەی هەستی ناسكو راستگۆیی ئەم شاعیرە پایە بڵندە بوترێ ناگاتە ئەو ناخە قوڵە یەکجار پیرۆزەی کە ئەم بەرهەمە ناوازانەی بۆ ئەدەبی کوردی بەرجەستە کردووە.

هەروەك چۆن رۆمانتیکییەکان بەخاوەنداریێتی سۆزێکی قوڵو رەسەن بەناوبانگن (فراوانترین بواری شیعری رۆمانتیکی بواری خۆشەویستییە، کە روخسارە گشتییەکەی خەمو ناڕەزایی و گلەیی دەربڕینە لەبێ وەفایی خۆشەویستەکەی، زۆر بەکەمی ئەگەر مەبەستی رۆمانتیکییە بەچێژی خۆشەویشتی هەست پێکراو بێت، بەڵکو خۆشەویستییەکە سۆزێکی خەیاڵاوییە) (11:ل).

نموونەی ئەمە دیسان لەزۆر شیعرەکانی هەردیدا بەرچاودەکەوێ، وەك لەم چەند دێڕەی (دڵێکی تێکشکاو)دا ئەبینرێ:.

وەیا ئەو پێکە رەنگینەی کە هەر نەیبست لەتۆ دەنگێ..!

لەداخا بادەکەی رشتو سەری خۆی دایە بەر سەنگێ..!

لەپاشا، گەردو تۆزقاڵی، کە وەك کەرتی دڵی من بوو

یەکی رووی کردە سوچێكو لەتاریکی شەوا ون بوو..!

(9:ل63).

(زۆر جار سنوری سۆزی تاکە کەسی رۆمانتیکییەکان تێئەپەڕێ، بۆ مەسائیلی کۆمەڵایەتی گشتی فەلسەفی، هەر بۆیە شیعری رۆمانتیکی لەخۆشەویستییەکەیدا جیا ئەکرێتەوە بەوەی کە تێکەڵە لەمانای سۆفیگەرێتی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی).(11:ل).

ئەم دیاردەیەش لەهۆنراوەکانیدا رەنگی داوەتەوەو بۆ زیاتر روونکردنەوەو سەلماندنی ئەمەش باش وایە سەرنج لەم چەند دێڕەی (چاوەڕوانی بێهودە) بدرێت، کە بەکۆمەڵێ وشەو دەربڕینی تەڕو ناسك بەشێوەیەکی سۆفیگەرییانە وەسفی خۆشەویستییەکەی خۆی دەکات:.

سەرنجی رێ ئەدەم، رێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە

وەکو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە.. وایە

شنەی با باسی جوانی ئەو بەگوێی مندا ئەچرپێنێ

هەموو دەرکەوتنی شۆخێ دڵی من دائەخورپێنێ. (9:ل77).

(جا ئەگەر بیرو خەیاڵی خوێندەوار لەشیعرە دەروێشییەکاندا بڕوا بۆ لای شتێکی خەیاڵی نەبینراو، لەلای هەردی ئەم بیروخەیاڵە ئەڕوا بۆ لای شتێکی بینراو.

خۆشەویستەکەی هەردی تەنها ئەو شتانە نییە کە بەچاو ئەبینرێ، بەڵکو هەتا مادەی بەچاو نەبینراویش کە (با)یە ئەگەر خۆشەویستەکەی ئەو نەبێت، باسی جوانی خۆشەویستەکەی ئەکاو دەنگی (با) ئەبێتە دەنگی خۆشەویستەکەی یاخود بۆنی دولبەرەکەی بۆ ئەهێنێ).(8:ل807).

یان کە ئەڵێت:

بەڵێ کاتێ (کە ئەو دەرکەوت، ئیتر من بێ سەروشوێنم)

بەتیشکی خۆری جوانی ئەو، بەجارێ قوڵپ ئەدا خوێنم. (9:ل77).

کە ئەمیش دیسان نزیك بوونەوەیە لەخۆشەویستییەکی خوایی و سۆفیگەرییانەو بینینەوەی جوانی و گەورەیی خوا لەخۆشەویستەکەیدا یان زیاتر نزیکی ئەم دەربڕینە لەو رووداوەی کە ئەوترێ (نوری خوا دەرکەوت و کێوی توری سوتاند). هەروەك چۆن موتەسەوفەکان جوانی و گەورەیی خوا لەشتەکانی دەوروبەریاندا ئەبیننەوە، ئەمیش گەورەیی خوا لەخۆشەویستەکەیدا کە دەستکردی خوایە ئەبینێتەوە.

(شان بەشانی شیعری خۆشەویستی لەڕۆمانتیکیدا شیعری فەلسەفەی دینی، بوارێکی تازەکردنەوەی تربوو کە ئەمە چوبوە ریزی (شیعری تەعلیمی)یەوە لەئەدەبی رۆمانتیکیدا ببو بەخودییەکی سۆزی (ذاتیا عاطفیا) دوای ئەوەی کە بابەتی ئەقڵی بوو وە تیایدا دەربارەی چارەنووسی مرۆڤو مرۆڤایەتی و ژیان و مردن وە دەربارەی مەسائیلی دروستبوون و کۆمەڵایەتی، بەڵام کەمتر ئەمێنێتەوە لەبواری مانای دینیدا، بەڵکو زیاتر تێئەپەڕێنێ بۆ لێکدانەوەی تاکە کەسی و دڵە راوکەو یاخی بوون؟ لەمانە هەموویاندا مانا فەلسەفییەکان تێکەڵاوی مانای دینی و سۆفیگەریتی بوون).(11:ل).

نموونەی ئەمەش لای هەردی (ئەی دیدەپەری و پێنج خشتەکییەکەی لەسەر شیعری (گیو موکریانی) تەواو ئەم دیاردەیە روون دەکەنەوە:.

ئەی دیدەپەڕی! بەو دەمە، بەو کوڵمە گوڵینە

بۆ کەس نییە تا سەر، ئەورێ: ئەم گوڵی ژینە

تا سەر نییە ئەم نازە، وەها دوری مەبینە

ئەو چاوە گەلاوێژە، خەڵاتی کە برینە!

ئەو زوڵفە کە ئێستاکە دوتوێی عەنبەری چینە،

رۆژێکی کە دێ، تێکەڵی توێی خاکی زەمینە! (9:ل51).

هەتا دوایی هۆنراوەکە بەشێوەیەکی فەلسەفییانە کۆمەڵێ پەندو ئامۆژگاری ئاراستەی خۆشەویستەکەی دەکات دەربارەی یاساکانی ژیان و تەمەن و خۆشەویستی.

نموونەی پێنج خشتەکییەکەشی لەسەر شیعری گیو موکریانی:

بەیانی بوو، زەمین گشت مات و خامۆش

شماڵ هات و لق و چڵ کردی کڕنوش

بەگوێیا دام وتی، گوێ بگرە بێ هۆش

(بەخۆشی رابوێری یا بەناخۆش

شەرابی مەرگی ناچاری دەکەی نۆش)

هەموو تاجێ هەموو تەخت و نگینێ

هەموو ئێشیێ، هەموو زامو برینیێ
بەچاو لێك نانیێ نامێنیێ لەژینیێ
(وەتەن هەر خزمەتێکت لێ ببینیێ
لەدوا رۆژ هەر ئەوەندەت پیێ دەمێنیێ). ل2:ل96).

یاخود پارچە شیعری ئۆبالی خۆت بەئەستۆی خۆتە)[3] بەدەربڕینێکی فەلسەفییانەی ژیان باس لەحاڵەتێکی پەشیمانو بیێ دەسەلاتی کەسێك دەکات لەئاستی گێڕانەوەی کاتو راستکردنەوەی هەڵەکانیدا، تاڕادەیەك ئەتوانریێ بخرێتە ر یزی ئەو پەندو قسە نەستەقانەی کە لەکەلەپوری نەتەوەکاندا پشتاوپشت ئەمێنێتەوەو وەك ئامۆژگارییەك باوان بەڕۆڵەکانیانی ئەگەیەنن بۆ وریاکردنەوەیانو دورخستنەوەیان لەهەڵەی بیێ ئاگایی.

بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە
ئەگەر ژەهریشی تێدا بوو، گوناهی خۆتە، بیزانە
هەڵە یاخود گوناهت کرد، لەکاتێکدا کە بیێ هۆشی
سزاو تاڵاوی هەرچی بیێ ئەبیێ وەك بادە بینۆشی
ئەگەر پیاویتو ئەیزانی کەوا ئۆ باڵی کردارت
لەئەستۆی وردی خۆتدایە، ئیتر بیێ سودە هاوارت. (9:ل83).

دەربارەی بابەتی کۆمەلایەتیش (رۆمانتیکییەکان وەسفی ئەو شتانەیان ئەکرد کە لەدەوروبەریاندا دەیانبینیو وێنەی ئەو کۆمەڵەیان ئەگرت کە تیایدا ئەژیانو تەعبیریان لەشعوری کۆمەڵو ئاواتەکانی ئەگرت، وە بەم ئاراستەیە رۆمانتیکییەکان بەرەو واقیعییەت ئەڕۆیشتن).(11:ل202).

ئەمەش تەواو لەشیعری (چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە)دا بەدی دەکریێ وەك رۆشنبیرێکی سەردەمەکەی ئەڕوانێتە کۆمەڵەکەیو بەهەستە ناسكو خەیاڵە فراوانەکەی خۆیەوە بیر لەکێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵەکەیو خۆشەویستییەکەی خۆی دەکاتەوە:.

گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنها بۆ کوڕی خاوەن تەلارو عانەیە
گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بیێ ئەوەی هیچ شك بەریێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بەتەنها خۆشەویستی شك ئەبەم، ست فاتمە!
سەروەتم ناویێ، بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە.

(9:ل68).

**هەردیو ریالیزم**

(ماوەی جەنگی جیهانی دووەمو پاش ئەویش ململانێی نێوان هەردوو ڕێبازی (ڕۆمانتیكو ریالیزم) دەستی پێكرد، وەك ڕێگایەكی چارەسەر بۆ ئەو ڕووداوانەی كە هونەرمەند هەستی پێ دەكاتو ئەیەوێ شیبكاتەوەو خۆی لێیان دوورەپەرێز نەگرێ، ئەم ململانێیە لەنێوان ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەر (شیكردنەوەی) ڕۆمانتیكییەكانو واقیعییەكان لەلای یەك نووسەر یان لەتەنها یەك كاری ئەدەبیدا هەبوو و هەستی پێ دەكرا). (10:ل91).

نموونەی ئەم دیمەنە لای هەردی وەك شاعیرێكی ئەم سەردەمە لەشیعری (دوو چەشن دڵداری)و (تەپڵی بەتاڵ)دا تەواو ڕەنگ دەداتەوە:.

بۆ نموونە لەشیعری (دوو چەشن دڵداری)دا، سەرەتا وەك ڕۆمانتیكییەك باس لەخۆشەویستی خۆیو ناڕەزاییو دەربڕین لەبێ وەفایی خۆشەویستەكەی دەكات كە دەڵێ:.

ئەم دڵەی وەك بت پەرستێ ڕوو ئەكاتە چاوەكەت
نوێژ ئەكا بۆ تیشكی چاوو زوڵفە تێك ئاڵاوەكەت
گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرەو پێڵاوەكەت
قەت بەدڵ ڕەق باست ناكەم نایزڕێنم ناوەكەت
چونكە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەكەت
مەستی كردوی، بۆیە نایبینێ لەعاستم چاوەكەت. (9:ل70).

پاشان هونەرمەندانە ئەكەوێتە باسكردن لەكێشە كۆمەڵایەتییەكانو جیاوازییە چینایەتییەكانو خستنەڕووی ڕاستی شتەكان.. بەشێوەیەك كە تەواو نزیكبوونەوەو ئاوێتەبوونە لەگەڵ ریالیزمی فۆتۆگرافی، كە تەنها خستنەڕووی كێشەكانەو چارەسەر بۆ كێشەكان نادۆزێتەوە.

ئەو گوڵی بۆ، مێزی شەرابو بۆ كەرویاری ئەوێ
واتە، تۆی بۆ تێپەڕینی كاتی بێزاری ئەوێ
من، گوڵم بۆ، تۆوی باخی ژینو دڵداری ئەوێ
یانی من، تۆم بۆ، ئەوینی عومری یەكجاری ئەوێ
تۆم ئەوێ وەك گوڵ لەباخی ماڵی مندا هەڵبدەی
نەك گوڵی سەرمێزی ئیمڕۆ بیتو پێخوستی سبەی. (9:ل71).

یاخود لەشیعری (تەپڵی بەتاڵ)دا لەڕێگای چیرۆكی كەسێكی روخاوەوە باس لەكێشەیەكی گەورەی كۆمەڵایەتی دەكات كە ئەمیش دیسان جیاوازی چینایەتیو كەسایەتییە كە زۆر جار دەرگای هەڵە لەبەردەمی مرۆڤدا دەكاتەوەو بەرەو بیروباوەڕی ناڕاستو ژیانبەخشی ئەبات، چ بۆ خۆیو چ بۆ گەلەی:

وەمزانی كە ناموسو حەیا نرخی كوڕانە

راستگۆیی و وولآت پەروەری ئەنجامی ژیانە
نەمزانی براکەم، هەموو ئەم ناوە زلانە
وەك تەپڵی بەتاڵ، گەرچی زل و گەورەیە دەنگیان
دەسکردی خەیاڵن، لەژیان، نییە رەنگیان
(9:ل72).

پاشان هەنگاونان بۆ رەخنەگرتن و دیاریکردنی هەڵەکانی لەڕێگای گێڕانەوەوە.
ئینجا کە گەییە پلەو پایەی ئیمڕۆی
کۆبوونەوە لێی پایە پەرستانی وەك خۆی
تاکو بەتەشی رستن و بادانی درۆ بۆی
سەودا لەپەنایا بکەن و (حبیّ) بفرۆشن
پارو بگلێنن و بەشەو بادە بنۆشن. (9:ل74).

یاخود لەزمانی هاوڕێی کابراوە:.
(پاکانە ئەکەین بۆ، هەوەسی نەوسن و برسیت؟!
گوایە کە لەبەر خزمەتی گەل، عاشقی کورسیت؟
کورسیت کە هەبیّ، دادی گەلی لێوە ئەپرسیت؟
قوربان! بەچ رەنگ پێت ئەکریّ، خزمەتی کونجیّ
تا سود لەگەڵ سودی سەری گەورە، نەگونجیّ!؟

واتە لەم هۆنراوەیەدا بەشێوەیەکی واقیعی وێنەی دوو هەڵوێستی جیاوازو دژ بەیەك ئەخاتەڕوو کە یەکێکیان هەڵوێستی کابرایەکی زۆر لێکراوو روخاوە، ئەوی تریشیان هەڵوێستێك کە تەواو پێچەوانەی ئەو ورە بەردان و پەنا بردنە بەر هەڵەو ناتەواوییانەیە بەجۆرێك کە تەنها خستنەڕووی دیمەن و هەڵوێستەکانە بەبیّ لایەنگرتنی هیچ یەکێکیان یان دانانی چارەسەر بۆی.
(ئەدەبیاتی ریالیستی کوردی لەپاش جەنگی دووەمی جیهان وەك قوتابخانەیەکی خاوەن نیشان و تایبەتێتی خۆی جێگیربوو.. روخساری رەخنەگرانەی ئەم ئەدیبانە رەخنە لەدواکەوتویی ژیانی گەلی کورد دەگرێت و گاڵتەی پیّ دەکات و پاڵ بەگەلەوە دەنێت کە ئەو دواکەوتوییە چارەسەر بکات).(4:ل62).
هەردیش لەبۆنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەماندا لەساڵی (1948) زۆر شارەزایانە دێڕەکانی شیعرێك ئەکاتە قوتابخانەیەکی دڵسۆزو بەکەڵکی میللەت و ئامۆژگاری و تێبینییەکانی خۆی تیادا بیان دەکات و بەرهەمەکەشی ئەکات بەنموونەیەکی بەرزی ئەدەبی ریالیستی کوردی و جێگای لەبەرزیدا بۆ تەرخان دەکات..

دەستم دامێنت ئەی میللەت! لەخۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوا بەخۆڕایی
بەڵێ ئەو خوێنە تۆ ڕشتت لەجەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری تیا بەڕووی میللەت فرۆشانا
بەلاّم هێشتا گەلێ کۆت و گەلێ پێوەند لەپێتایە
ڕێگا ناخۆش و دژوارە، دزو جەردە لەڕێتایە. (5:ل143).

(ڕەگی ریالیزمی سۆشیالیستی لەگەڵ بلاّوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتن خوازانەی شۆڕشگێڕی زانستیدا، بەتایبەتی لەکوردستانی عیراقدا لەسالاّنی جەنگی دووەمی جیهان و دوای ئەو جەنگەدا کەوتە رواندن).(4:ل62).

دێڕەکانی ئەم شیعرەی خوارەوەش نموونەیەکن لەم دیمەنەو بۆ سەردەمی خۆی دەروازەیەکی گەورەی پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێڕییەو هەتا ئێستاش نرخی ئەدەبی و هونەری خۆی لەئەدەبی کوردیدا وون نەکردووە.

خوێنی چەند هەزار لای خێر نەدیو
نەقشی مێژووەو ناکوژێتەوە
ئەو گەلەی لەخەو راستی بۆتەوە
نا بەزێ لەڕێی ئەم ژیانەدا
قاچی ڕۆڵەکەی گەر بەکۆتەوە
هەڵوەرێ لەناو بەندیخانەدا. (5:ل144).

بەڵێ هەردی وەك ڕۆڵەیەکی دڵسۆزو بەوەفای میللەتەکەی بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەی پڕ گوڕوتینی رزگاریخوازییەوە، هەست و سۆزی گەرمی خۆی لەزمانی شیعرەکانییەوە ئەگەیەنێتە هاوبیرو هاوخەباتەکانی خۆی و ڕۆشنبیرانە بیروباوەڕەکانی خۆی دائەڕێژێ..

بۆ نموونە (لەبۆنەی ناشتنی تەرمی داون لەئەفسەرە لەسێدارەدراوەکانی کورد (مستەفا خۆشناو، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵلاّ کەریم، محەمەد قودسی) لەساڵی (1947)ز.دا).(5:ل142)، خەم و پەژارەو رق و کینەی ناخی خۆی لەقاڵبی پارچە شیعرێکدا دەرئەبڕێ، کە خۆی لەخۆیدا هەژێنەری هەست و هێنانە گۆی زمانی خەڵکەکەیە بەرامبەر بەو تاوانە گەورەیەو دەرگایەکی فراوانە لەبەردەم شۆڕشێکی ئازادیخوازانەدا..

لەڕۆژێکی وەها سورا کە تەئریخی شەهیدانە
چ تەئریخی؟ ئەوی جەرگی نیگاری خوێنی لاوانە
چ خوێنی؟ هەر دڵۆپێکی نمونەی خوێنی..

چ.. ئەوەی گیانی لەلا بێ نرخ و هەرزانە
لەتاو بێداری ئیستعمار هەڵاتوی کێوو هەردانە
هەرا بۆ رۆژی وا چاکە، کە دڵ وەك جۆشی بورکانە
دەسا پڕ دەم بقیژێنن کە ئیستعماری ئینگلیسی
بڕوخێ، تەفروتونابێ سەرو فەساڵی نەگریسی
بڕوخێ تەخت و تاراجی، بتۆپێ نۆکەری پیسی

(گەلێك رووداوو گۆڕاندن و ژیانی گەلی کوردو گەلی عیراق و سەرەتای گۆڕاندنی واقیعی کۆمەڵایەتی پاش شۆڕشی تەموزی 1958و رۆڵی بیری شۆڕشگێڕی لەگۆڕینی واقع دا لەئەدەبیاتی کوردیدا رەنگیدایەوە).(4:ل64).

لەشیعری (ئازادیخوازی کوردین ئێمە)شدا بەچەند قۆناغێك ئەو حەقیقەتە بنیاد ئەنێت کە مەسەلەی هەموو میللەتانی دنیایەکەو رێگای هەموو ئازادی خواهانیش هەر یەکێکە.. ئەویش لەڕێگای دەستنیشانکردنی دوژمنەکانی گەل و ئامانجی لەناوبردنیان و پاشان وێنەکێشانی سەختی و ناسۆرییەکانی رێگای ئازادیخواو لەپلەیەکی تردا دەستنیشانکردنی دۆستەکانی گەل و هاوڕێکانی هەموو گەلێکی برسی).(5:ل14).

هەر قەومێ جەرگی زامار بێ
وەك ئێمە دیلی زۆردار بێ
رەنجی شانی بۆ ئاغایە
بیکا بەزێڕو سەرمایە
میللەتیش رووت و عوریان بێ
موحتاجی یەك پارو نان بێ
لەگەڵ ئەو قەومە یەك جۆرین
دوژمنی ئاغای خوێن خۆرین
پشتی قەومی بێ تاوانین
هاوڕێی ئازادیخواهانین. (5:ل14).

دوا بەرهەمی شیعری ریالیزمی (هەردی)ش شیعری (بۆ نەورۆز 1967)ە کە بریتییە لەگێڕانەوەی چیرۆکی نەورۆزو باسکردن لەزۆرداری و بەدکاری ئەژدەهاك و وێنەیەکیشە لەئازایەتی و لەخۆبوردویی میللەتی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی زۆردارو هەڵمەتی روخاندنی تەخت و تاراجی.

بەڵێ ئەم نەی ئەزانی بێشەیەك ئاوا چڕوپڕبێ
لەشێر خاڵی نیە کاتێ کە زاڵم کاسەکەی پڕبێ

بەلاّم كاتێ بەخۆی زانی كە نركەو نەعرەتەی لاوان

بەسەركردایەتی كاوەو بەپشتی رۆڵە كوژراوان

دڵی هێنایە لەرزین و بەشی یەك تاقە هەڵمەت بو

كە خۆی و ئەژدەهاك و تەخت و تاراجی لەت وپەت بو. (5:ل162).

**پەراوێزەكان:**

(1).وەك ئاشكرایە عەروز لەلای كلاسیكییەكان بەكار ئەهات و رۆمانتیكییەكان هەوڵی دوركەوتنەوە لەعەروزو گەڕانەوە بۆ سەر كێشی بڕگەی خۆماڵییان ئەدا.

(2).مەبەست لەدیوانەكەیتی.

(3).ئەگەرچی ئەوە بۆ حاڵەتێكی تایبەتی نوسراوە هەروەك خۆی لەدیوانەكەیدا ئاماژەی بۆ كردووە.

**سەرچاوە عەرەبیەكان:**

1..رەسولّ، عیزەدین مستەفا (الواقعیە في الادب الكردی) دار المكتبە العصریە، صیدا-بیروت 1966.

2.هلال، و محمد غنیمی (الرومانتیكیە)، دار الثقافة-دار العودە، بیروت، سنە 1973.